# بۆ حاكم قوباد نەوەک قوبادی جەلیزادە

**هەندرێن حەمەدەمین**
Handren88@hotmail.com



ئەگەر وینەکەت لەگەڵ نووسینەکت نەبوایە رەنگە باوڕم نەکردبایە کە ئەوەی ئەم بۆچونەی هەیە سەبارەت بە دادگا و داد لە کوردستان ئەوە قوبادی جەلیزادەیە، بەڵام خوشحال بووم بەوەی کە نووسینەکەت لە ژیر ناوی حاکم قوباد بوو نەوەک قوبادی جەلیزادە، بویە منیش لیرە یەکەم داواکاریم ئەوەیە کە قەت روژیک لە روژان ناوی قوبادی جەلیزادە نەکەویتە ژیر ئەو جورە بۆچونانە ئەوەش لە روانگەی کەسایەتی قوباد نیە لەلای من، بەلکو ئەوە لە روانگەی خویندنەوەی منە بو شعرەکانی قوبادی جەلیزادە.
بەریز حاکم قوباد دەکرا لە جیاتی ئەوەی وا بەخیرا دەست بدەیتە قەلم و ولامیک بەو خانمە بدەیتەوە کە رەخنە لە دادگا ئەگریت چەند پرسیاریکی گرینگت لە خوت بکردایە، یەکەم. خەلک بۆ وا لە یاسا بێئاگایە؟؟ چی وا ئەکات کە خەلکی خویندەوار و تا رادەیەک روشەنبیریش لە یاسا بێئاگابن؟؟؟ دوای ئەوە بتپرسبایە ئایا بەڕاست یاسا لە کوردستان هەیە ؟؟؟ ئەگەر هەیە ئەوە کام یاسایە و لە کوێ پەیڕەو ئەکریت؟؟؟ پیم وایە ئیستاش پیویستە بەدوای ولامی ئەم پرسیارانە بگەڕیت و بە راسگویانە بتوانی ولامەکان بدەیتەوە، من ئەزانم تو کەسیکی بێئاگانیت و لە زور روشەنبیرانیش باشتر ئەزانیت کە راستیەکان لە کوێن، بەلام ئەگەر دەتەویت بەم شیوەیە رەوایی بە کارەکەی خوت بدەیت و پاساو بۆ هاوکارەکانیت بینیتەوە، ئەوا ئەوە لەبیر مەکە کە خوینەرانیک و بینەرانیک و کەسانیکی گەلیک زور هەن هەموو ئەو راستیانە ئەزانن کە بەڕێزت ئەتەویت بە نووسینیکی وا دایانپوشیت، وەک ئەوەی کە هەموو کیشەکەی دادگا و دادوەران لەوەدابیت کە خەلک لە یاسا بێئاگایە، منیش لە بەڕێزت ئەپرسم ئایا ئەزانی لە هەموو وولاتان بەتایبەت لە وولاتانی پێشکەوتوو کە دادگا دەسەلاتێکی سەربەخۆیە !!!!!!
ئازیزەکەم ئەگەر یاسا لە کوردستان هەبوایە دەبوایە کە ئەمرو لە کوردستان دادگا دەزگایەکی تەواو سەربەخو بوایە هیچ کەس و لایەنیک نەیتوانبیایە دەست لە کارەکانی دادگا بدات، کەچی لە هەموو خەلک ئاشکرایە کە ئەو تاوانبارانەی لە دەسەلات و حوکمەت نزیکن و پشتیان بە هێزی حیزبەکانەوە ئەستورە بە هیچ شیوەیەک شوینێک ناناسن بەناوی دادگا، ئەگەر ئەوەش راست نەبوایە دەبوایە ئەوەی گەندەلیە لە کوردستان نەبوایە، من بۆیە باسی گەندەلیت بو دەکەم چونکە هیچ کەس و لایەنێک ئەمڕو لە کوردستان ناتوانێ نکولی لێبکات.
ناکریت لەم نووسینە من ئەو نمونانەت بو بینمەوە کە خەلکانی خاوەن ماف چون لە دادگاکانی کوردستان مافیان ئەخوریت یان چۆن تاوانباران کە کەسانی بە دەسەلات لە پشتیانن لە دادگاکان بە ئاسانی دەرئەچن.
ئەوانە هەمووی بەلایەک و باسی بەرێزت لەسەر ویژدان و دادپەروەری دادگاکانی کوردستان لەلایەک، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان ئەبیندریت بێدەنگیکی تەواوی چین و توێژەکانی کومەلە بەرانبەر بەو هەموو کارەساتە گەورانەی کە روئەدەن، بەڵام لە هەموویان بێدەنگتر دادوەران و پارێزەرانن، تا ئێستا تاکە بەیاننامەیەکیان نەبووە تا ئێستا بۆ جارێک هەلوێستیان نەبووە یەکجار خەلکیان بو خۆپیشاندانیک هاننەدا تا ئێستا کەمپینێکیان نەکرد جارێک نەکەوتنە ئیمزا کۆکردنەوە وەک ئەوەی کە لە کوردستان ئەوەی کێشە و گرفت و کەم و کورتی و بگرە کەمتەرخەمیش نەبووە.
تو چاک ئەزانیت من لە کوێوە قسە ئەکەم وە هەموو خەلکێکی روشەنبیر تێدەگات من ئەڵێم چی خوێنەرانیش بە

ئاستە جیاجیاکانیان هەنێک لێم تێئەگەن و هەندێک نا، بۆیە دەبێ بپرسم حاکم قوباد هەلویست و ویژدانی دادوەران چی بوو بەرانبەر ئەو راپۆرتەی هومانڕایست سەبارەت بەو هەموو پێشێلکاریە نایاسایی و نا مرویانەی کە لە کوردستان هەیە ؟؟؟ یان ئەوە کاری دادوەران نیە؟؟؟ یان ئەوە پێویستی بە ویژدان و بە هەلوێست وەرگرتن نیە؟؟ یان شتێکیتر هەیە ئێمە نایزانین بەلکو بەڕێزت ئاگادارمان بکەیتەوە.

من ئەم کورتە رونکردنەوەم تەنیا بۆ ئەوە بوو کە بەڕێزت و ئەوانەی وەک بەڕێزت پێیان وانەبیت خەلک گەمژە و نەزانە و بە بەردەوام خەلک تاوانبار بکەن بەوەی کە خەلک بێئاگایە، ئەگەر پێویستی کرد من بە سەدان لە پێشێلکاریەکانی کوردستانت ئەخەمە بەردەم هەر بەو هەوالانەی کە لە رۆژنامە و ماڵپەرە ئەنترنیتیەکان بڵاو ئەکرێنەوە، ئەوا جارێ سەبارەت بە کوشتنی ژنان و بێ هەلوێستی و بێویژدانی دادگا و دادوەران هەر قسەم نەکردوە، مەگەر ئەوەندە بڵێم ئەگەر ئەو رێژەی کوشتنی ژنان و ئەو شێوەی کوشتنی ژنان لە هەر وولاتێک هەبوایە کە خاوەنی دادوەرانی بە ویژدان بوایە ئەگەر هیچیان بو نەکرابایە دەستیان لە کار ئەکێشایەوە و ئەیانووت کە دەسەلاتێک نەتوانێ و سنورێک بو ئەم تاوانانە دابنێت ئێمەش دادوەری بو ئەو دەسەلاتە ناکەین، ئەو کات ئەتوانی باسی دادوەری و بەویژدانی دادوەران بکەیت.....